# بزوتنەوەی ڕووناكبیری لە ئەدەبی كوردیدا بە نموونەی "ئەسیری" شاعیر


**پ.د. فازیل مەجید مەحمود**

**بەشی كوردی**

**كۆلێژی زمان**

**زانكۆی سلێمانی**

**م.ی. سەردار فایەق مەجید**

**بەشی كوردی**

**كۆلێژی زمان**

**زانكۆی سلێمانی**



## الملخص

الحركة التنويرية كانت حركة شاملة متكاملة حيث ان الشعراء وحسب اختصاصهم واقتدارهم كانوا يمثلون مجتمعاتهم ، وكانوا يحاولون توعية وتثقيف مجتمعاتهم من خلال نتاج اشعارهم. ان الشعراء حاولو افهام شعوبهم بمنظورهم الثقافي المعاصر. وفي النواحي الاجتماعية، العرف ، السياسية ، الثقافية والدينية حاول الشعراء اظهار الحالات و الظواهر الغير مألوفة عن القيم الانسانية في المجتمع. تجدر الاشارة الى ان الحركة التنويرية الكردية لها المزايا الخاصة بها من حيث القاليد الاجتماعية و الفكرية.

وقد تم تقسيم البحث الى قسمين ، تناولنا في القسم الاول مزايا و خصلة التنوير لدى احمد خاني و الحاج قادر الكويي و حمدي. اما القسم الثاني فقد حاولنا فيه تسليط الضوء على خصائص وسمات التنوير في اشعار الاسيري (ئەسیری) ، وفي الختام قمنا بعرض النتائج التي توصلنا اليها من خلال بحثنا.

## Summary

The intellectual movement was a global and comprehensive movement, that’s why the poets in this movement represented their society through their specialties and skills. They tried to aware people through their poetical achievements, they also tried to make the society have a modern intellectual view in the fields of social, cultural, educational, political and religious to show vicious phenomenons in the society and humanitarian values, what needs to be mentioned here is that the Kurdish intellectual movement has it’s own cultural, social, ideological... etc, characteristics. This paper consists of an introduction and two chapters, the first chapter deals with Ahmedi Khani, Haji Qadri Koiy, Hamdi intellectual idiosyncrasy. The second chapter concentrates on intellectual specialties in Asiry’s poetries. The final part of the paper is the conclusion, in which we’ve concluded the outcome in some points.

**پێشەکی**

ئەم تـوێژینەوەیە کە لەژێـر ناونیشـانی بـزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبـی کوردیـدا بە نمـوونەی "ئەسـیری" شـاعیردایە، لێکـۆڵینەوەیەکی مێـژووی و وەسـفیی شـیکارییە، تـوێژینەوەیەکە تیشـك دەخاتەسـەر ئەو مـژارانەی کە وەکـو دەسـپێکێك بـوون بـۆ سـەرهەڵدانی بـزووتنەوەی ڕووناکبیری کـوردی، کە لەئەحـمەدی خـانییەوە دەسـت پێـدەکات و حـاجیش بە بـرەو پێـدەر و گـوێزەرەوەی بـۆ باشوری کوردستان دەستنیشان دەکرێت، لەهەمانکاتدا حەمدی شاعیر بەهۆی ئەو پێگەی کە هەیبوە، لە نێو ئەدەبیات و سیاسەت و کلتور و داب و نەریتی سەردەمی خۆیدا، بووە هۆی فراوانبوونی بیری بـزووتنەوەی ڕوونـاکبیری لەکـۆمەڵگەی کوردیـدا، پێوسـتە ئامـاژە بەوە بکرێـت کە بـزوتنەوەی ڕوونـاکبیری کـوردی بەو مانـایە نیـیە، کە بەراوردی بـە خەسـڵەت و تایبەتمەنـدییەکانی بـزوتنەوەی ڕووناکبیری ڕۆژئاوا بکرێت، چونکە کۆمەڵگەی کوردی ئەدگار و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، چ لەڕووی فەرهەنگی و چ لە ڕووی سیاسی و نەتەوایەتی و کلتورییەوە، زیـاتریش وەك پرۆژەیەکـی چاکسـازی کۆمەڵایەتی و کلتـوری و نەتەوایەتـی و ڕوونـاکبیری دەردەکەوێـت. هۆکـاری هەڵبژاردنـی ئەم مـژارە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە شاعیرانی کورد لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیاندا هەوڵـی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیان داوە لە مەسەلەی خوێندن و زانست و هێزی یەکگرتن و دەرچوون لە ژێردەستەی و ڕزگاری نەتەوەیی لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لەنامەی دکتۆراکەم.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دووبەش و ئەنجام پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی خەسـڵەتی ڕوونـاکبیری لای ئەحـمەدی خـانی و حـاجی قـادری کـۆیی و حەمـدی کـراوە، لە بەشـی دووەمـدا تایبەتمەنـدی ڕوونـاکبیری لە شـیعرەکانی ئەسـیریدا خـراوەتە ژێـر تیشـکی لێکـۆڵینەوە. لە کۆتـایی توێژینەوەکەدا گەیشتوین بەچەند دەرئەنجامێك، کە لەچەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: خەسڵەتی ڕووناکبیری لە شیعرەکانی شاعیران ( ئەحمەدی خانی، حاجی قادریی کۆیی، حەمدی)دا:**

**ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧):** شـاعیرێکی بیرتیـژ و زانـایەکی عەقڵانـی و ڕوونـاکبیرێکی گەورەی نەتەوەی کورد بوو، بەشێوەیەك کاتێك لەسەر هەر دیاردە و حاڵەتێك وەستابێت بێگومان بەچـاوێکی ڕەخنەیی ورد و بەهەستێکی نەتەوایەتـی بەهێـزەوە بیـری ڕوونـاکبیری خـۆی بەدەرخسـتووە، لەبەر

ئەمەشە کاتێك باس لەخانی دەکرێت ناکرێت تەنها لەیەکلایەنەوە ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکانی بکەین، بەواتایەکی تر خانی بەوە لەشاعیرانی هاوچەرخی خۆی و بگرە پاش خۆی جیادەکرێتەوە کە ئاواتی تەنها مەسەلەی ڕزگاربوون نییە لە ژێردەستەیی و زوڵم و ستەم و دواکەوتوویی، بەڵکو ((بینینێکی زانستی ئەو مەسەلەیەیە کە لەگەڵ واقیع و توانای سەردەمدا ڕێك دەکەوێت و لەلێکدانەوەدا پێش خەڵکی تر دەکەوێت. ئەوش بەبیری هەڵکەوتوانەو بینینی ڕابەڕانەی مەسەلەکە))[١].

مەسەلەی نەتەوایەتی، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخ و ئاوڕدانەوەو لەسەر وەستان بووە لای خانی، بەشێوەیەك زۆر بەڕوون و ڕەوانی ئەم مژارە لەمەم و زیندا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە مەم و زین تەنها داستانێکی شیعری دڵداری ڕووت نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، پرۆژەیەکە بیرمەند و ڕووناکبیرێکی مەزنی وەکو خانی بەرهەمی هێناوە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی، بۆیە دەکرێت بە هەوڵێکی ڕووناکبیرانەی بناسێنین بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی.

خەونی یەکگرتن و دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەداستانی مەم و زیندا بەشێوازێکی ڕوون و ڕەوان هەستی پێدەکرێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە خانی وەك شاعیرێکی ڕووناکبیر لە ناو ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە و کلتوری سیاسیدا بووە، هەموو ئەو نادادی و نایەکسانی و یەکنەبوون و ناکۆکیانەی بەچاوی خۆی بینیوە، لەم چوارچێوەیەوە خانی لەمەم و زیندا خەمی نەتەوەکەیەتی و هۆکاری ژێردەستەبوون و دواکەوتووی میللەتی کورد دەخاتەڕوو، خانی دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە پاشاهەك
لائق بدیا خودێ کولاهەك
تەعیین ببوا ژبۆ وی تەختەك
ظاهر ڤەدبو مە بەختەك
غەمخواری دکر ل مە یەتیمان

---

[١] - د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ١٠٧.

تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان[1]

خانی وەك ڕووناكبیرێـك، هـزر و بیـری خـۆی دەخاتەكـار بـۆ بینیـنەوەی هۆكـاری ئەو نەهـامەتی و ژێردەسـتەیی و نەبـوونی قەوارەیەكـی سـەربەخۆ بـۆ نەتەوەی كـورد، لە ئەنجامـدا دەگـاتە ئەو بەرئەنجامەی كە نەبوونی هێزی یەكگرتن و سەركردەیەكی خەمخوار بۆ كوردان، هۆكاری ئەم نادادی و ژێردەستەیی بوونەی نەتەوەی كوردە، بۆیە گلەیی لەچەرخ و زەمانەدەكات و لەهەمان كاتدا ڕەخنە لە میرنشین و دەستەڵاتدارانی ئەو میرنشینانە دەگرێت و دەڵێت، ئەگەر ئەم نـاكۆكی و دووبەرەكیـیە نەبوایە ئەوا كوردیش بەم شێوەیە نەدەكەوتە ژێر چەپۆكی وڵاتان، هەروەكو خانی دەڵێت:

غالب نەدبوو ل سەرمە ئەو رووم

نەدەبوونە خرابەیی ددەست بووم

مەحكوومێ و عەلییە صەعالیك

مەغلوب و موطیعی تورك و تاجیك[2]

خانی وەك بیرمەندێك بەچاوی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە مەسـەلەی دۆزی كـورد و ڕای وایە، ئەگەر نەتەوەی كـورد یەكـدەنگ و یەكگرتـوو ببـوایە، ئەوا هەرگیـز بەم شـێوەیە مـیللەتەكەی نەدەكەوتە ژێردەسـتەڵاتی دەوڵەتـانی ئیمپراتـۆری ڕۆم و تـورك، ئەم لاوازی و دووبەرەكیـەی میرنشـینەكان وای كردبوو كە وڵاتان زۆر بەئاسانی دەستی بەسەردا بگـرن و داگیـری بـكەن، چـونكە كاتێـك میرنشـینیك تووشـی ڕووبەڕوو بـوونەوە دەبـووەوە لەگەڵ دەوڵەتانـدا، ئەوكـات میرنشـینێكی دیـكە ڕۆڵـی تەماشاكردن زیاتریان نەدەگێڕا، هەرئەمەش وایكردبوو ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی و سـەفەوی و ڕۆم زاڵ بین بەسەر بارودۆخی ناهەمواری كوردستاندا، سەرەڕای شوێنی ستراتیژی كوردستان، كەئەمەش هۆكارێكی دیكەی ئەم داگیركارییە بوو، لێرەوە خانی دەڵێت:

ئەڤ روم و عەجەم بوان حەصارن

كرمانج هەمی ل چار كنارن

هەردو طەرەفان قەبیلێ كرمانج

---

[1] - مەم و زینی ئەحمەدی خانی، شرۆڤەكرن و ڤەكۆڵینا ئەمینێ ئوسمان، چاپا ئێكی، مطبعة الجاحظ, بغداد، ١٩٩٠، ل ٤٩-٥٠.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

بو تیرێ قەضا کرینە ئامانج

گۆیا کو ل سەر حەددان کلیدن

هەر تطائفە سەددەکن سەدیدن

ئەڤ قولزومێ روم و بەحر تاجیك

هندی کو بکەن خروج و تەحریك

کرمانج دبن بخونێ ملطخ

وان ژێك ڤە دکەن مثالێ بەرزەخ[1]

خـانی بەشـێوازێکی زانسـتی هۆکـاری ئەم داگیرکـاری و ژێردەسـتەبوونەی نەتەوەی کـورد دەخاتەڕوو، بەشێوەیەك ڕای وایە کە سەرباری نەبـوونی سـەرکردە و سـەرۆکێکی دڵسـۆز و نەبـوونی یەکڕیزی و یەکگرتن و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی تۆکمە، هاوکات شوێنی جوگرافیـای کوردسـتان و ستراتیژ و هەڵکەوتووی خاکەکەی هۆکارێکی دیکەبوو، بۆئەوەی وڵاتانی داگیرکەر و ئیمپراتۆرەکان چاوی تەماعیان تێببڕن و ئارەزووی داگیرکردنی بکەن، لێرەدا هەرچەندە خانی وەك ڕەخنەگرێـك ئەو بـارە نـاهەمـوارە دەخـاتە ژێرتیشـکی ڕەخـنـەوە، بەڵام ((بەسـەر مـیلەتەکەی خۆیـدا هەڵناچێـت و ئەو بەهـۆی سەرشـۆڕی و سسـتی و پشـتێنکردنەوە و لەخوێنـا گەوزانـدن نازانێـت، بەڵکـو وەك کـوڕێکی هۆشیاری گەل باری میرەکانی کورد و پێکەوە ڕۆیشتن (ئینقیاد)یـان، بەهـۆی ڕاسـتەقینە دەزانێـت و حاڵی ئەوان بە شەرمەزاری دەزانێت))[2]، هەر وەکو دەڵێت:

تەبعیەت وان ئەگەر چ عارە

ئەو عار ل خەلقێ نامدارە

ناموسە ل حاکم و ئەمیران

تاوان چ یە شاعر و فەقیران[3]

---

[1] - ئەحمەدێ خانی، شرۆڤەکرن و ڤەکۆڵینا ئەمینێ ئوسمان، ل ٥٢.

[2] - عیزەدین مستەفا ڕەسـول، ئەحمـەدی خـانی شـاعیر و بیرمەنـد فـەیلەسـووف و سـۆفی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی حەمدی، ٢٠٠٨، ل١٠٤.

[3] - ئەحمەدێ خانی، شرۆڤەکرن و ڤەکولینا ئەمینێ ئوسمان, ل ٥٠.

خانی وەك ڕووناكبیر و ڕەخنەگرێك، بەئەزموون و هۆشیارییەوە هەوڵی دەست نیشانكردنی ئەو فاكتەرانەی داوە كە ڕێگرن لەبەردەم پێشكەوتن و دروست بوونی قەوارەیەكی سیاسی و نەتەوەیی بۆ كوردان، لەئەنجامدا گەشتۆتە ئەو بڕوایەی كە هۆكاری ئەم ژێردەستەبوونەی نەتەوەكەی حاكم و كاربەدەست و میرەكان بوون، چونكە هەر ئەوانن ناودار و خاوەن پلە و پۆستن و وڵات بەڕێوەدەبەن، بەڵام مخابن ئەم حاكم و میرانە هێندە بێ ئابڕون خەمیان تەنیا خۆیانە و لەخەمی كۆكردنەوەی ساماندان، ئیتر هیچ سوچ و تاوانێك ناكەوێتە سەرشانی خەڵكی سڤیل و شاعیران، لێرەدا خانی وەك ڕەخنەگر و بیرمەند و ڕوناكبیرێك خۆی پیشانداوە بەهۆی ئەوەی كە بەشێوازێكی زانستی و عەقڵانی هەوڵی دەست نیشانكردنی كیشە و گرفتەكانی داوە، بەبۆچونی خانی وەك لەمەم و زیندا ئاماژەی بۆ كردووە، كێشەی بنەڕەتی نەتەوەیی كورد، نەبونی یەكڕیزی و یەكگرتن هۆكارێكی دیكەی ئەم ژێردەستەبوون و دواكەوتوویی و ئەم دەردی نەزانیینەیە، لەم ڕوانگەیەوە خانی دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئتفاقەك

ڤێكرا بكرا مە ئنقیادەك

روم و ئەرەب و عەجەم تمامی

هەمیان ژ مەرا دكر غولامی

تەكمیل دكر مە دین و دەولەت

تەحصیل دكر مە علم و حكمەت

تمییز دبون ژ هەڤ مەقالات

ممتاز دبون خودان كەمالات[1]

خانی ڕووناكبیر و شاعیرو خاوەن ئەزموون و بلیمەت، تەنها مەبەستی لە دروست بوونی قەوارەیەكی سەربەخۆ نییە، بەشێوەیەك كە ببێتە هۆی پێكهێنانی دەوڵەتێكی نەتەوەیی، بەڵكو زیاتر دەیەوێت لەپاڵ ئەم مەسەلەی یەكگرتن و یەكبوونەدا، ڕۆڵ و گرنگی زانست و زانیاری و ئەدەب و هونەر لە پێشكەوتنی نەتەوە دەخاتەڕوو، باوەڕی وایە بایەخدان بە زانست و ئەدەب و هونەر، دەبێتە هۆی سەركەوتن و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی، بەبۆچوونی خانی ئەم هەوڵانەش پێویستی بە میر و

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

سەروەر و سەرکردەیەکی زاناو شارەزا دەبێت بۆ ڕێکخستن و هاندانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی، هەروەکو دەڵێت:

استادی دڤێتن و تأمل

اخفاء و تەغافل و تەحەمل[1]

خانی پەیامێکی ڕووناکبیری بۆ میر و سەرکردەکان دەنێرێت، پێی وایە دەبێت میر و سەرکردەکان بیرتیژ و ڕووناکبیربن، نهێنی پارێزبن، لە هەمان کاتدا نابێت بێئاگابن لە کار و بارەکانی دەوڵەت، هەروەك و چۆن دەبێت پشو درێژبن بەرامبەر بە پێشهاتەکان، لێرەوە ڕووناکبیری و بیرمەندی و بلیمەتی خانی دەردەکەوێت، چونکە کاتێك لەسەر هەر بابەت و دیاردەیەك وەستابێت و خستبوویە بەر تیشکی ڕەخنە، ئامانجێکی ڕووناکبیری لە پشتی مەبەستەکەیەوە بووە.

**حاجی قادری کۆیی** (١٨١٦- ١٨٩٧ز)، کاتێك باسی مێژووی ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری و نیشتمان پەروەری و زانایی و دڵسۆزی نەتەوەی کورد دەکرێت، ئەوا پێویستە لەسەرەتاوە ناوی حاجی ببرێت، چونکە حاجی ((کەسێکی شاعیر و زانا و سیاسی و ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕی دڵسۆزی کورد بوو))[2]، شاعیر بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ وریاکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی لە نەزانی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و داگیرکاری و ژێردەستەی تەرخانکردووە، بەشێوەیەك کە بەردەوام لەدژی شێخ و مەلا و سەرکردە و فەرمانڕەوا نەزان و دڵرەقەکان لەبەرەنگاربوونەوەدا بووە، هەرئەمە وایکردووە، حاجی قادر((بەناچاری وڵاتیکی وێران و کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی بەجێ هێشت و ڕووی کردە ئاوارەیی، بەڵام دڵ و دەروونی هەر لای خاك و نیشتمانەکەی بوو))[3].

بە تەماشاکردن و ئاوردانەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی حاجی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە دەکرێت حاجی بەقوتابخانەیەکی شیعری لەئەدەبی کوردیدا هەژماربکەین، ئەو قوتابخانەیەش، پێی دەوترێت ڕۆشنکردنەوە(تەنویری)، یاخود دەکرێت پێی بڵێین قوتابخانەی ڕووناکبیری، گرنگترین

---

[1] - حجی جعفر، چەند ڤەکولین ل دۆر مەم و زینا خانی، چاپا یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩، ل١٠.

[2] - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیر، ٢٠١٠، ل ١٩٣.

[3] - د. محەمەد دلێر و د.فازیل مەجید، حاجی قادری کۆیی لەبازنەی ڕۆشنگەریدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠١٤، ل ٧٦.

خاسیەتەکانی ئەم قوتابخانە شیعرییە نزیکبوونەوەیەکی یەکجار گەورەیە لە میللەت و دەربڕینی هیوا و ئاوات و ئازار و داخوازییەکانی بەجۆرێکی فراوانتر و گەلێ گەورەتر لە شاعیرەکانی پێشوتر[1].

حاجی پەیامی ڕووناکبیری خۆی لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ئاراستەی کۆمەڵگەکەی دەکرد، یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری شاعیر، بریتی بووە لە مەسەلەی نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ یەکگرتن و سەرکەوتن و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ، هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لە دوژمنایەتی و ناکۆکی لەگەل یەکتر، لەم ڕووەوە حاجی دەڵێت:

تا ڕێك نەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد[2]

حاجی وەك ڕووناکبیرێك پەیامێکی ژیارانە و ڕووناکبیرانە ئاراستەی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە پێویستە یەکبگرن و ببنە پشتیوانی یەکتر، بۆئەوەی لە ژێردەستەیی و زوڵم و ستەم دەربازبن و لەم حاڵەی ئێستایان، کە حاڵێکی ماڵوێرانکراو دەربەدەرییە، شاعیر هۆکاری پێشنەکەوتن و نەبوون بە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ دەخاتە ئەستۆی ئەم باری ناتەباییەوە، هەروەکو دەڵێت:

هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن

پاماڵی زەمان، میسلی گەردن

هەرمانەوە بێ نەواو مەزڵوم

وەك بوومی خەرابەزار مەشئووم

گەر باعیسی ئەم دەپرسی کامە

شەرتێکە کە بۆ هەموو تەماعە[3]

حاجی سەرنجیکی ڕووناکبیرانەی لەسەر ژێردەستەبوونی میللەتەکەی خستۆتەڕوو، بەشێوەیەك کە هۆکارەکەی دەخاتە ئەستۆی میللەت خۆی، چونکە بیر لە یەکگرتن و خەباتکردنی پێکەوەیی

[1] - د.محەمەد ئەحمەد سەعید ( کەساس جەباری)، شیکاری دەق، چاپخانەی تەژنە، ٢٠١٦، ل٨٨.

[2] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، بڵاوکردنەوەی سنە، شارەکتێبی میدیا، ٢٧٠٧ك، ل ١٧٨.

[3] - سەچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

نـاکەن و هەوڵ بـۆ داهاتوویـان نـادەن، هەرکەسـەو بـۆ بەرژەوەنـدی و تەمـاعی خـۆی تێدەکۆشـێت، هەروەها لە کۆتای شیعرەکەیدا زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدوێت و بۆمان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت:

قوڕیان بەهەموو وڵاتەوە دا

تا مولك و ڕەعییە پاکی فەوتا

یەکیان ئەمی تۆ دەکەی نەیانکرد

غەمیان نەبوو کورد ئەگەر هەموو مرد[1]

بەبڕوای حاجی یەکێك لە فاکتەرە سـەرەکییەکانی دواکەوتـن و ژێردەسـتە بـوونی میللەتـی کـورد ناکۆکی نێـوان چینەکـانی کـۆمەڵگەیە، لەهەمانکاتـدا یەکنەگـرتن و نەبـوونی سـەرکردە و سـەردارێك دیسانەوە کارێکی وای کردووە کە کورد بەژێردەستەیی بمێنێتەوە، نەك هەرئەمە بگرە بـوونەتە هـۆی ماڵ وێرانی و لەدەسـتدانی بەشـێکی زۆر لەدەسکەوتەکان، شـاعیر ئەمەش بـۆ نەبـوونی کەسـانێکی ڕووناکبیر کە لە خەمی میللەتەکەیاندا دەگەڕێنێتەوە، لێرەدا حاجی وەك ڕووناکبیرێـك دەردەکەوێـت بەوەی دەیەوێـت بیـری خـۆی بـۆ مـیللەتەکەی بگـوێزێتەوە، لەپێنـاو ڕزگـاربوون لە دواکەوتـویی و ژێردەستەیی، چونکە کەسانی ڕووناکبیر ((هەمیشە بیردەکەنەوە، لەهەمانکاتدا هەوڵدەدات ئەم بیر و هـزرەی خـۆی بـۆ خەڵکـانی دی دەگـوێزێتەوە، هەروەهـا لەپێنـاو بـواری گشـتیدا تێدەکۆشـێت، لەم پێناوەشـدا بەردەوام پەیوەنـدی لەگەڵ دروسـت دەکـات))[2]. لەم ڕوانـگەیەوە ڕوونـاکبیری حـاجی دەردەکەوێـت، بەشـێوەیەك کە حـاجی ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو بـۆ داهێنـانی و هێنـانی بیـروڕای ڕووناکبیری بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، چونکە هەمیشـە لە هەوڵ و گەڕانـدا بـووە بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ دەربازکردنی میللەتەکەی لەنەزانی و نەخوێنـدەواری و دواکەوتـوویی، زۆرجـاریش بەسەرنجێکی ڕەخنەگرانەوە پەیـامی ڕوونـاکبیرانەی خـۆی گەیانـدووەتە مـیللەتەکەی، لەم لایەنەوە حاجی دەستێکی باڵای بووە و دەڵێت:

هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت

بێ بەهرە لەخوێندن و کیتابەت

---

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، ل ١٧٨.

[2]- ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، وەرگێڕانی ئـازاد بەرزنجـی، چاپخـانەی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٢.

بێگانه به تەرجەمەی زوبانی

ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی

یەکسەر عولەما درشت و وردی

ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی[1]

ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کە لەبەشێك لە شیعرەکانی حاجیدا بەدیدەکەین مەسەلەی خوێندن و زانستە، کە ئەمەش ئەزمونی شیعری حاجی دەخاتەڕوو، کە ئەزموونێکی ڕەخنەگرانە و ڕووناکبیرانەیە، بەهۆی ئەوەی شاعیر بەردەوام بەشێوازی ڕەخنەگرانە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی خۆی داوە، ئەمەش بەبەراورد کردنی ئاستی پێشکەوتنی و زانیاری میللەتان لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە شاعیر بەچاوی ڕەخنەگرتنەوە بڕوانێتە کۆمەڵگەی کوردەواری، لێرەدا حاجی ڕای وایە کەتەنها میللەتی کوردە لەنێو جیهاندا نەخوێندەوار و بێ بەهرەن، چونکە لەسەردەمی حاجیدا ((ئاستی خوێندەواری زۆر نزم بووە، بەتایبەت لە ڕووی زمانی کوردییەوە))[2]، دیارە پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری هەبووە بە زمانی بێگانە بەتایبەتی زمانی عەرەبی کەئەمەش بۆ زانستەشەرعییەکان بووە و لە حوجرە و مزگەوتاندا خوێندراوەتەوە، ئەمەش لەلای حاجی هیچ بایەخ و ڕۆڵێکیان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا نەبووە، لێرەوە حاجی دەڵێت:

خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر

پێم بڵێن: نەفعیان چییە ئاخر

غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن

جەمعی ئەملاك و خەزنە کۆکردن[3]

به بۆچوونی حاجی ئەو زانست و زانیاریانەی لە حوجرە و تەکیە و خانەقاکاندا دەخوێنرێت و ئەو وانانەش کەدەوترێتەوە، هیچ سود و قازانجێکی کۆمەڵگەی تێدا نییە و تەنها بۆ کۆکردنەوەی پارەو سامانە لەلایەن شێخ و مەلاکانەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی تەمبەڵی و نەزانین، بۆیە شاعیر هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێزی یەکگرتن و بەرپاکردنی شۆڕشێکی

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، ل٢١٩.

[2] - مارف خەزنەدار مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ١٨٣.

[3] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، ل١٦٤ .

ڕووناکبیری ئەوتۆ کە ئاوڕێك لە سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی میللەتانی دنیا بداتەوە و چاوێك لە مێژووی پرشکۆی وڵاتانی دەوروبەر بکات و بزانێت ئەوان ئێستا لە چ ئاستێکی پێشکەوتندان. لەم ڕووەوە حاجی دەڵێت:

کوڕێکی وانەبوو هەستێتە سەر پێ

بزانێ خەڵقی چۆن کەوتونەتە سەر ڕێ

بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت

کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت

بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف

سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف

ئەگەر کارێك نەکەن لەم بەینەدا زوو

مەمالیك کاتەکی زانیت لەدەست چوو[1]

بەشێکی زۆری شیعری حاجی تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری، خەمی گەورەی حاجی، بریتی بووە لە نەبوونی کەسانی شارەزا و خوێندەوار و ڕووناکبیر، کە خەمێك لە حاڵی میللەتی کورد بخۆن و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی و دەردی نەزانین بدەن، هەربۆیە لێرەوە حاجی ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ڕۆڵەکانی مییلەتەکەی دەکات و لە هەمان کاتیشدا پەیامی ڕووناکبیرانەی حاجییە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، کە تێدا گلەیی لە نەبوونی کەسێکی هۆشیار و بیرمەند دەکات، چاوێك لە پەرتوکی نوێ و مێژووی دەوڵەتان بکات، تاوەکو ئاشنابێت و بزانێت لە وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا چی دەگوزەرێت و لە چ پلەیەکی خۆشگوزەرانیدان، لێرەشەوە دیسانەوە داواکارییەکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت ، ئەگەر بێتو زوو بەزوو هەوڵێك نەدەن ئەوەشی هەبووە لەدەست دەچێت، لەم ڕوانگەیەوە لیهاتوی و بیرمەندی و ڕووناکبیری حاجی دەردەکەوێت.

**حەمدی(١٨٧٨-١٩٣٦):** یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی تەرخانکردووە بۆ مەسەلەی پێشکەوتن و ڕزگاربوونی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواری، چونکە

---

[1] - سەرچاوەی پێشووو ل ١٧٥.

لەڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵی داوە کۆمەڵانی خەڵك هۆشیاربکاتەوە لەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دووچاری میللەتەکەی دەبووەوە، کە لەسەردەم و ڕۆژگاری شاعیردا سەریانهەڵدەدا، دیارە سـەردەمی حەمـدی لە سـەرووبەندی جەنگـی جیهـانی یەکەمـدا بـووە، حەمـدی بەهـۆی لێهـاتووی و بیرتیـژی و بلیمەتیی خۆیەوە توانیویەتی تیشك بخاتەسەر ئەو کێشە و نەهامەتیانەی کە دووچاری میللەتەکەی دەبوونەوە، هەوڵی دەدا کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکاتەوە، کەوابوو ((حەمدی تا دواهەناسـە قەڵەمەکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی لەکاردابووە، بۆ سەرفەرازی نەتەوەکەیـی و گەیشـتنی بـۆ ژیـانێکی پـڕ لەسـەر بڵنـدی و کـامەرانی، هـیچ کـات کـۆڵی نەداوەو، وای بەبـاش زانیـوە کـورد لەگەڵ سیاسـەتی گشـتی ئەوسـەردەمەدا بـڕوات سـوودێك دەبینـێ، هەرنەبێـت گەنجەکـانی بەفیـڕۆ نـاڕۆن، مـیللەت هـۆش و گۆشی زیاتر دەکرێتەوەو ڕاست و چەوتەکانی باشتر بۆ ئاشکرا دەبێت))[١].

شیعری حەمـدی هەڵگـری پەیـامێکی فەلسـەفی و ڕوونـاکبیری بووە،چـونکە تێـڕوانین و دنیـابینی حەمدی تێڕوانینێکی فەلسەفی قوڵ بـووە، ئەمەش لەبەر گرنگـی فەلسـەفەبووە لای شـاعیر، چـونکە ((لەلایەك ئەدەب و فەلســەفە لەنــاوەوە بەوردی و بەتونــدی پــێکەوە بەســتراون، لەلایەکــی تــریش هەردووکیــان لەگەڵ ژیــان کــۆدەبنەوە))[٢]، هەرئەمەش وایکــردووە حەمــدی شــاعیر وەك بیرمەنــد و ڕووناکبیرێکی دیار و کاریگەر دەربکەوێت .

حەمدی وەك ڕووناکبیرێك، خەمی گەورەی ئەوە بووە کە میللەتەکەی هۆشیاربکاتەوە لەو کێشە و پلانگێڕییانەی سەبارەت بەنەتەوەکەی لەئارادا بووە، هەمیشە هەوڵیداوە نەتەوەکەی تێبگەیەنێـت لە ڕاست و دروستی ڕووداوەکان، هەروەك و دەڵێت:

من بەقەومێ تێنەگەیی چی بڵێم تا تێ ئەگەن

پشتی من یا پشتی خۆیی و  قەوم و ئەولادی شکاند[٣]

یەکێك لەخەسڵەتەدیارەکانی ڕووناکبیری ڕەخنەگرتنە، بۆیە حەمدیش وەك ڕووناکبیرێك ڕەخـنەی توونـد لە میللەتەکەی خـۆی دەگرێـت و بە تێنەگەیشـتوو وەسـفی دەکـات، هەرئەم تێنەگەیشـتن و نـا

[١] - عەبدوڵا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چاپخانە بەڕێوەبەرایەتی چاپخـانەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٤، ل٧٢.

[٢] محمد شفيق شي, في الادب الفلسفی, مؤسسة نوفل, بيروت, ١٩٨٠, ص٨٢.

[٣] - دیوانی حەمدی، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤، ل٢٤٢.

هۆشیارییەی بەهۆکاری دواکەوتن و پشت و کەمەرشکاندنی هەمووان دەزانێت، بۆیە ئامۆژگاریان دەکات و لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی ئاگاداریان دەکاتەوە و دەڵێت:

هەر لەبەر بەرزبوونەوەی ئەم کوردە ژێرپێکەوتوە

دامەنی مەندوبی سامی پەنجەیی(مس بیل) گرین[1]

حەمدی بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە هەیبووە سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە، هەوڵی داوە سەرەنجی خۆی لەمەڕ مامەڵەکردنی سەرکردە و سیاسیەکانی نەتەوەکەی بخاتەڕوو، بەشێوەیەك ئامۆژگارییان دەکات بەوەی کە بەوریایی و ئاگامەندییەوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت و سەرکەوتنەکانی هاوپەیمانان و ئەو وڵاتانەبکەن کەلە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی دەستیان هەبووە لە ناوخۆیی کوردستاندا، بەشێك لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان کەوتووەتە ژێر دەستیانەوە، چونکە ڕووناکبیری و ئاگامەندی و بیرتیژی حەمدی گەشتبووە ئاستێك هەر زوو درك بەوەبکات، کە سیاسەتی ئەم وڵاتە زلهێز و داگیرکەرانە پریەتی لە فرت و فێڵ، هەرلەسەرەتاوە ئەم پێشبینیەی حەمدی هاتەدی و پاش داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئینگلیزەکان لە سەرجەمی ئەو بەڵێنانەی بەکوردیان دابوو پەشیمان بوونەوە، لێرەوە دیسانەوە لەم سیاسەت و پلانگێڕییەی دەوڵەتان خەڵکی ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت:

تێبگەن خەڵقینە توخوا بەس ئیتر تەفرەبخۆن

ئەجنەبی بۆ نەفعی خۆیانە دەکەن دایم حییەل[2]

شاعیر داوا لە کۆمەڵگەکەی دەکات بەم فرت و فێڵ و پلان گێڕییەی داگیرکەران هەڵنەخەڵتێن و تەفرە نەخۆن و یەکگرتووبن، چونکە حەمدی بەهۆی ڕووناکبیری و بەئەزموونی خۆیەوە باش لە مەبەست و مەرامی داگیرکەران تێگەیشتووە، هەربۆیە چاوەڕوانی هیچ سوود و قازانجێکیان لێ ناکات لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی دابێت، لەبەرئەوە لەمەرام و مەبەستی داگیرکەران تێگەشتبوو، کە ئەم داگیرکارییەی زلهێزەکان هۆکاری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی میللەتەکەی بووە ، بۆیە هەمیشە هانی خەڵکی دەدا بۆ خوێندن و زانست. هەروەکو دەڵێت:

ئەمە بۆ دەرسی عیبرەت کافیە ئێوەو خوا، بەخوا

---

[1] - دیوانی حەمدی، جمال محەمەد محەمەد ئەمین، ل٣٢.

[2] - سەرچاوەی پیشوو" ل١٤٠.

نەخوێنن دێڕی کۆنە سەطری تازە دەرئەخا مەسطەر[1]

حەمدی شاعیر خەمی گەورەی ئەوە بوو، کە پاشەڕۆژی گەشاوە و پێشکەوتوو و پڕ شکۆ بۆ میللەتەکەی بێتە ئاراوە، بۆیە هەمیشە خەڵکی وریاکردوەتەوە لە سودی خوێندن و داوای لە کۆمەڵگا کردووە کە پەند و عیبرەت وەربگرن، دوای خوێندەواری و زانین و زانیاری بکەون، هانیان دەدات کەدەست بکەن بە خوێندنەوەی پەرتووکی کۆنە و نوێ، ئەگەر هەوڵێك نەدەن هەروا بە ژێردەستەی و ماڵوێران کراوی دەمێننەوە، هەربۆیە داوایەکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی کۆمەڵگاکەی دەکات و دەڵێت:

براگەل بێنەوە کوڕگەل دەهەڵسن کۆمەڵێ بگرن

تەغافڵ بەسی یە هەڵبگرن سەری غیرەت لەسەر بوستەر[2]

حەمدی بەهۆی ئەزمون و بیرمەندیی و ڕووناکبیری خۆیەوە باش لەوە تێگەشتبووو کە کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردەواری، نەبوونی قەوارەیەکی یەکگرتوو بووە و کە ئەمەش هەمیشە هۆکار بووە بۆ ڕاکێشانی دەستی دەرەکی و داگیرکاری بۆ کوردستان، هەربۆیە داوا لەڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەکات یەکبگرن و دەردی کوشندەی نەزانی و دوبەرەکی لەناوبەرن، وازبهێنن لە خەوتن و تەمبەڵی، لێرەوە ڕووناکبیری حەمدی بەدەر دەکەوێت، چونکە خەمی حەمدی سنووری تاك و بەرژەوەندی تایبەتی تێپەڕاندووە و لە هەوڵی ئەوەدایە بەهۆی ئەزموون و شارەزایی خۆیەوە میللەتەکەی هۆشیاربکاتەوە.

**بەشی دووەم: بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا بە نمونەی ئەسیری شاعیر:**

**ئەسیری (١٨٩٥-١٩٦٢):** ئەسیری یەکێکە لەو شاعیرە بیرمەند و ڕووناکبیرانەی، کە هەمیشە هەوڵی بۆ ڕووناککردنەوەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەکەی بووە، کەسایەتییەکی دیار و دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی بووە، هەڵگری پەیامێکی ڕووناکبیرانەو نەتەوەپەروەری بوو، هەوڵی داوە لەڕێگەی

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

[2] - سەرچاوەی پێشوو" ل٩٣.

شیعرەکانیەوە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی هۆشیاربکاتەوە، بەتایبەت لەپاش ساڵانی (( "١٩٢١ " بەدواوە و دوای گەڕانەوەی لەئەستەمبوڵەوە بۆ کەرکوك ڕووی کردۆتە ڕێکخستنی شیعری نیشتمانی))[١].

ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر و بیرمەند و دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوە، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە بواری گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی شیعر و ئەدەبیات و بزووتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا، هەوڵیداوە لەچوارچێوەی شیعردا پەیامی ڕووناکبیری خۆی ئاراستەی میللەتەکەی بکات، هەر لەڕێگەی شیعرەوە گیانی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بڵاوکردوەتەوە، ((بەزەوق و ئارەزوویەکی فراوانەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەسپی شیعری لەو مەیدانەدا تاو داوەو بەگیانێکی کوردپەروەرییەوە چاکی خزمەتکردنی ڕاستەقینەی لێبەلادا کردووەو چەمکی مەردایەتی لێهەڵماڵیوە و شانبەشانی هەموو کوردپەروەران لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوە ئاوارەکەی و نیشتمانە پارچەکراوەکەیدا چووەتە ڕیزی خەبات و تێکۆشانەوە))[٢]، لەو ڕۆژگارەی کە تێیدا ژیاوە، ئەزموونی ئەو زلم و ستەمەی داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانی و ئینگلیزەکانی کردووە، هەرلەم ڕوانگەیەوە، (( خولیای نیشتمانپەروەری لەبیر و مێشکیا بنج دابکوتێ. سەودای کوردپەروەری بەجۆرێك کاری کردۆتە بیرو مێشك و خەیاڵی فراوانی کەبەتوندی بچێت بەگژ ئەو هۆیانەی کەبوونەتە مایەی دەردی سەری و پاشکەوتنی گەلی کورد))[٣]، بێگومان ئەم بیری نەتەوە و نیشتمان پەروەرییەی هەر لەسەردەمی منداڵییەوە هەبووە، لەم ڕووەوە ئەسیری دەڵێت:

ئەی وەتەنی خۆشەویست ناوتم ئەوجاکە بیست

منالێکی ساوابووم دەبوومە قوربانی تۆ

وتەی وڵاتی کوردە لەلای تۆ هەروەك ویردە

---

[١] - ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەریی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکری سلێمانی، کۆلێجی زامان، بەشی کوردی، ٢٠١٠، ل٢٠٦.

[٢] - دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، کۆکردنەوە و لەسەر نوسین،چاپی یەکەم،بەرگی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٧، ل٢٠.

[٣] - کەریم شارەزا و جەبار جەباری، ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری کۆییە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر،١٩٧٢، ل٢١.

ئەسیری ئەم حاڵەتە دەلیلی ئیمانی تۆ[1]

ئەسیری سەرنجی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی ڕادەکێشێت بەوەی کە پێویستە هەوێنی خۆشەویستی خـاك و نەتەوە لەدڵ و دەروونیانـدا بچێنێـت، چـونکە لەوسـەردەمەی شـاعیردا نیشـتمانمان لە ژێـر داگیرکاری وڵاتـانی زلهێـزدا بـووە، ئەمەش ئاگامەنـدی شـاعیر بەدەردەخـات لەمەسـەلەی سیاسـیی و نەتەوایەتیدا، جگەلەوەش ویستویەتی ئەو واقیعەی کومەڵگا بخاتە ڕوو کە هەر لەمنداڵییەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانیان نادەن، بـۆ خەبـات و تێکۆشـان و ڕزگـاربوون لەژێـر دەسـتەیی، لێـرەوە ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کە ئەسـیری هەر زوو بیـری ڕوونـاکبیری لە دڵ و مێشـکیدا چەکەرەی کردووە، بەپێی قۆناغەکانی ژیانی ئەم هەستەی گەورەبووە و بەبەردەوامی هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکـانی کـۆمەڵگەکەی دەدات و تـۆوی خۆشەویسـتی خـاك و نەتەوە لەنێویانـدا دەچێنێـت و ئامۆژگارییـان دەکـات بـۆ ئـازادی و ڕزگـاربوون لە پاشـکەوتوویی و ژێردەسـتەیی، بـۆ بەدیهێنـانی مافەکانیان، هەروەکوو دەڵێت:

لاوی عەزیزم وەکو کوردی شیمال

گیان بدە بۆ گەل و کۆمەڵ ئەتۆش

بەسیە (ئەسیری) چ دەڵێی بێ خەبەر

غیرەتی میللەت ئەوە هاتۆتە جۆش[2]

خەسڵەتێکی دیاری ڕووناکبیری ئاوات و خەون بینین و ئومید نەبراوییە، بۆ داهـاتوو، کۆڵنەدان و خەباتکردنە بۆ ئایندەیەکی گەش و سەرفراز، هەربۆیە ئەسیری ڕووناکبیر و شاعیر لەدوو ئارەسـتەوە ڕوونـــاکبیری و بیرمەنـــدییەکەی دەردەکەوێـــت، یەکەمیـــان: پەیـــامێکی ڕوونـــاکبیری لە ڕێـــگەی ئامۆژگـارییەوە ئاراسـتەی مـیللەتەکەی دەکـات و هانیـان دەدات بـۆ ڕزگـاری نەتەوەیـی و خەبـاتی بزووتنەوەی ڕزگـاری، دووەم: لەڕێـگەی مۆنۆلـۆگ(خۆدوانـدن)ەوە، دەکەوێـتە ڕەخنەگـرتن لە خـودی خۆی و ئەو ئازایەتی و لێهاتووییەی میللەتەکەی بەبیری خۆی دەێنێتەوە، کەوا هەرگیز بەژێردەستەی

---

[1] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەسیری شاعیری نەتەوە خوازی کورد، چاپخانەی ئارابخا، چاپی دووەم، کەرکوك، ٢٠٠٦، ل٢٢١.

[2] - دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریـانی، چـاپی یەکەم، بڵاوکـراوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٦، ل١٠٦.

و پاش کەوتووخوازی ڕانەهاتوون و لەئێستاشدا لەوپەری جۆش و خرۆشدان بۆ یەکگرتن و یەکڕیزی نێومالّی کوردی، ئەمەش بۆ ئەو خۆشەویستی و سۆزەی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە، ئەسیری شاعیر هەمیشە کۆمەڵگەکەی هۆشیار کردووەتەوە لەوەی کە تەماشای حالّی خراپی خۆیان بکەن، کەچۆن لە دونیادا هیچ نەتەوە و وڵاتێك نییە وەکو کورد بەژێردەستەیی و بێ دەوڵەتی مابێتەوە، هەروەکو دەڵێت:

ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین

بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین

تێ بنۆڕین لە میللەتانی دی

چۆن دەژین سەربەخۆ لە ڕووی زەوی

خێوی سەرباز و دەوڵەتانی قەوی

بێجگە لە کورد کێ لە پاش و خوار و نەوی[1]

سەرکەوتن و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی بوون تایبەتمەندییەکی دیاری ڕووناکبیرییە، لێرەوە ئەسیری هەولّی داوە مەسەلەی سەربەستی میللەتانی دونیا ڕابگوێزیتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، لەڕێگەی ئامۆژگاریی کردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، بەوەی کە داوایان لێ دەکات چیدیکە واز لە خەو بێئاگایی بهێنن و چاوێك لە خەبات و سەرکەوتن و داهێنانی ولاتانی زلهێز بکەن و سوود لەو پێشکەوتنانەیان وەربگرن، بەهەمان شێوەش لەڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە کە ئەمەش دیسانەوە خەسڵەتێکی دیکەی ڕووناکبیرییە، ئەو بارە ناهەموار و خوارو خێچەی نەتەوەکەی وەك توانجێك ڕووبەڕووی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە، بۆئەوەی پەندی لێوەربگرن، وەکو وڵاتانی دونیا ببن بەقەوارەیەکی سەربەخۆ و خاوەن وڵات،هەربۆیە هەمیشە هانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی داوە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی، لەم ڕووەوە ئەسیری دەڵێت:

ڕۆژی پێویست خۆت بکە قوربانی گەل

گەر لە کۆمەڵ کەوتە بەر تۆ ڕێز و دەر

پف لە کوورەی سینەی لاویت بکە

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

ڕۆژهەڵاتی گەل بڵێ گۆرانی ئەو

لەم هەوارگەی باو و باپیرت مەڕۆ

دابمەزرێ وەك چیا ، زۆر تاڵە ڕەو[1]

ئەسیری بەشێوەیەك خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمانەکەی هەبووە، بەردەوام لە بیری ئەودا بووە و ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی میللەتەکەی کردووە، بۆئەوەی لە چوارچێوەیەکی سەربەست و ئازاددا بژین و مافەکانیان بەدەست بهێنن، هەربۆیە بەبەردەوامی هانی کۆمەڵگەی داوە کە بەڕۆژ و شەو تێبکۆشن لە پێناو ئامانجە ڕەواکانیان، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر بڕوای وایە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەت پێویستت بەخەبات و قوربانی دانە، هەروەکو دەڵێت نابێت مرۆڤ کۆڵبدات و بنەوێت، پێویستە لەم وڵاتی باوباپیرانمان نەڕۆین و قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵبکەین و دروشمی سەرکەوتن هەڵگرین و وەك چیا دامەزراو و پشت ئەستوربین، ڕووناکبیری و بیرمەندی ئەسیری لەوەدا بووە، کە هەرگیز بە ژێردەستەیی و دواکەوتن و هەڵهاتن لە نیشتمان و نەتەوە ڕازی نەبووە و لەو پێناوەشدا خەباتی کردووە، ئەو کێشە و دەردی سەرییانەش کەبەسەری هاتووە هەمووی بەهۆی خەمی نەتەوەکەیەوە بووە، هەروەکو دەڵێت:

دایم لەفیکر و زیکری خەیاڵاتی میللەتم

بۆیە وا کز و مەلوول و بەسۆز و حەسرەتم

ئەی ڕۆڵە دەردی تۆ بەندی جگەرمی بڕی

تەئسیری داغی حاڵی تووە من بەعیللەتم[2]

ئەسیری شاعیر وەك خەمخۆر و ئاگەمەندێك ئەو بارە ناهەموارەی کە میللەتەکەی تێی کەوتووە، لەسەردەمی ئەودا، بەتەواوی تووشی نائارامی و نەخۆش و دەردی سەریی کردووە، هەروەکو خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، لێرەدا ئاستی بیرمەندی و ڕووناکبیری شاعیر دەردەکەوێت، چونکە ئەو تەنها لە خەمی خۆیدا نییە و سەرکەوتن و ڕزگاری نەتەوەیی دەوێت، ئەم پەیوەست بوونەی شاعیر بەنەتەوە و نیشتمانەکەیەوە وایکردووە، سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعری ئەسیری (ڕەفیق حیلمی) ئاماژە بۆ

---

[1] - دیوانی ئەسیری، ل١٨٥،

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

ئەوە بکات ((تائێستا ئێمە تووشی شیعرێکی غەرامی نەبووین و لەمەشدا دەرئەکەوێ عیشقی وڵات ئەوی کردووە بەشاعیر))[1].

ئەسیری گرنگییەکی زۆری بە پرۆسەی خوێندن و زانست داوە و بە تاکە سەرچاوەی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیری نەتەوەیی زانیوە و بەبەردەوامی هانی خەڵکی داوە کەنەوەکانیان بخەنە بەرخوێندن و خوێندەواری، هەروەکو دەڵێت:

ڕۆڵەیی ساوات لە بۆ مەکتەب بەرە
کوردە ئەو جێگایە ئەمرۆ بەفەرە
خوێندەواری پێگەیشتووی مەکتەبە
بۆ هیوای گەل، ئەو بەکار و ڕەهبەرە
ئەو کەسەی مژگی لەوێ ڕۆشن بووە
ڕوو لە هەرچی دەوڵەتێ کا سەروەرە
سەیری نووسراوانی عیلمانم کە کرد
هیچی وام تیا نەدی بێژم شەڕە[2]

دیارە ئەسیری وەك شاعیر و ڕووناکبیرێك لەبایەخ و گرنگی زانست و زانیاری دەڕوانێت بڕوای وایە، کە بۆ سارێژکردنی هەموو برینێك تەنها خوێندن و زانستە هەتوانەکەی، بۆیە بەبەردەوامی ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە ڕووناکبیر و مێشك کراوەن، بەدۆست و ڕزگارکەر ناویان دەبات، پێی وایە تەواوی ئەو پەرتووك و نووسراوانەی کەلەلایەن ڕووناکبیران و زانایانەوە بەرهەم هاتووە، لە چاکەو خێر زیاتر هیچ شتێکی دیکەی تێدا نییە کە ببێتە مایەی کێشە و دواکەوتن، لەهەمان کاتدا بەتاکە ڕێگەی سەرکەوتن و ئازادی پێشکەوتنی میللەت ناوی دەبات، هەوەکو دەڵێت:

عیلمە ژوورت ئەخا، جەهلە وەتەن بەرباد ئەکا
تووشی ئەربابی جەهل بی حەق وەیە لێی لاکەو
ڕۆحت ئالودەی عیلم بێ جوانە عەقڵ و فیکری تۆ
گەر(ئەثیری) تووشی عیللەت بی لەبەر غەم داکەوی[1]

[1] - ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ١٩٨٨، ل٤٤.

[2] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەسیری، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٨٤.

خوێندن و زانست یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕووناکبیری، ئەم بابەتە خەسڵەتێکی دیاری شیعری ئەسیرییە، دیارە خوێندن و زانست لای ئەسیری گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بە شێوەیەك کە بە گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەری مەعریفی وەسف کراوە و ڕۆڵ و گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە، چونکە زانستە دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی میللەت و ڕزگاربوون لە دەردی نەزانی، لەبەرئەوەیە شاعیر مەترسییەکانی نەزانینی خستۆتەڕوو، بە ماڵ وێرانکەر و داناوە، هەربۆیە ڕۆلەکانی میللەتەکەشی لە مەترسییەکانی نەزانی هۆشیار کردۆتەوە و بە پەیامێکی ڕووناکبیرانە پێیان ڕادەگەیەنێت لە کەسانی نەزان و نەخوێندەوار بەدوربن، بۆئەوەی ڕوحتان ئاسودە و سەرفرازبن.

ئەسیری بە ئەندازەیەك پەیوەستی زانست و خوێندەواری بووە، کە بەبەردەوامی ڕۆڵ و گرنگیەکەی وەك سەرچاوەیەکی ڕووناکبیری ئەژمار کردووە و نەوەکانی داهاتوویی لە سوود و گرنگی زانست ئاگادار کردووەتەوە، لەهەمان کاتیشدا مەترسیەکانی نەزانینی خستۆتەڕوو، ئەم دیدەی شاعیر سەبارەت بە ڕۆڵی زانست و داهێنانەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە(( ئەسیری چووەتە ئەستەمبوڵ و تێکەڵ بە ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەوێ بووە چاوی بەو پێشکەوتنە کەوتووە، کە هاتۆتەوە هەرچی شیعری غەزەل و دڵداری هەبووە لەناوی بردوون و لە شیعرێکا ئاماژە بەوە دەکات و بە بەرامبەرەکەی ئەڵێ کە ئەو جۆرە شیعرانە ڕەت بکاتەوە))[٢]، هەروەکو دەڵێت:

گەر ئەدیبی و ئارەزووی سەرکەوتنی کوردت هەیە
تەرکی ئەشعاری عیشقبازی کە گەر بیرت هەیە
شیعری تەئریخی بڵێ بۆ ئینتباهی میللەتت
مورشیدی عیلم و مەعاریف بە ئەگەر عەقڵت هەیە[٣]

ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر تەنیا ڕەخنەی لە تاکەکانی کۆمەڵگە نەگرتووە، کەناخوێنن و هەوڵی زانست و داهێنان نادەن، بەڵکو ڕەخنەی توندی لە مەلا و شێخ و کاسایەتییە ئاینییەکانیش گرتووە، کە وریایان دەکاتەوە لەوەی کە ناگەن بە هیچ مەبەست و ئەنجامێك، ئەگەر هەوڵی زانست و خوێندەواری نەدەن، هەروەکو دەڵێت:

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو،ل٨٣.

[٢] - د.محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، شیکارە دەق، ل١٠٢.

[٣] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەسیری، ل٥٥.

سۆفییەك عیلمی نەبێ دایم لە باتین بێ بەشە
سیحرە ئێستا، هەچی دەیدات، جاهیلێ بفرێ بەباڵ[١]

کەواتە سەرجەمی ئەو هەوڵ و خوداناسییەی ئاینزاکان، کە ژیانی تایبەتی خۆیان لە پێناویدا تەرخانکردووە، بەبڕوای ئەسیری هیچ سود و کەڵکێکی نابێت، ئەگەر زانستێکی لەگەڵدا نەبێت، لە هەمان کاتدا ناگەن بەو ئامانجە دیاریکراوەی کە لەپێناویدا تێدەکۆشن، ڕەخنەگرتن لە کەسایەتییە ئاینییەکان و بەرهەڵەستیکردنیان لەو کارە دزێو و هەلپەرەستانەیان، تایبەتمەندییەکی دیاری بیرمەندی و ڕووناکبیری ئەسیری دەردەخات و لەو ڕوانگەیەوە شاعیر سەرەنجی ڕووناکبیرانەی لە نێو میللەتەکەیدا بڵاوکردووەتەوە.

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند دەرئەنجامێك لەوانە:

١- مێژووی بزووتنەوەی ڕووناکبیری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئەحمەدی خانی) ئەمەش لەو هەوڵە ڕووناکبیریانەی کەلە (مەم و زین)دا بەدی دەکەین، دواتریش کە قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات کە چەند شاعیرێکی دیکە پێشڕەوییان کردووە ،دیارترینیان حاجی قادری کۆییە و پاشانیش لە دوا قۆناغی ئەم ڕەوتەدا، بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك فاکتەری گۆڕانکارییەوە دیسانەوە چەند شاعیرێك لە ڕێگەی پەیامی شیعری خۆیانەوە برەویان بەم بزووتنەوەیەدا، لەوانە شاعیران حەمدی و ئەسیری، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەم مەیدانەدا.

**٢-** شاعیرانی کورد خاوەنی ئایدیایەکی سیاسی و نەتەوەی و ڕۆشنبیری هاوسەردەمی خۆیانن، کاریگەرییەکی بێوێنەیان لەسەر کۆمەڵگەکەیان بەجێهێشتووە، بەتایبەت لایەنی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و کلتوری، ئەمەش لە ڕێگەی پەیامی شیعرییەوە بووە.

٣- بزووتنەوەی ڕووناکبیری کوردی لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا ، لەسەرەتادا بە هەوڵی تاکەکەسی دەستی پێکردووە، واتا بەشێوەیەکی نارێکخراوەیی بووە. بەشێوەیەك کەشاعیران بیر و هزری ڕووناکبیری خۆیان لە خزمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەیان خستۆتەگەڕ، لە ئاکامیشدا توانیان

[١] - سەرچاوەی پێشو، ل٧٩.

گۆڕانكـاری گەوره لە بیــر و هــزری كـۆمەڵگەدا دابنــێن بەتــایبەتی لە بــواری خوێنــدن و زانســت و دووركەوتنەوە لە دووبەرەكی و ژێردەستەیی و ڕزگاری نەتەوەییدا.

## سەرچاوەكان


١- ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەریی كوردیـدا، نـامەی دكتـۆرا، زانكـری سـلێمانی، كـۆلێجی زامـان، بەشی كوردی، ٢٠١٠.

٢- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرە بڵاونەكراوەكانی ئەسیری، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەسیری شاعیری نەتەوە خوازی كورد، چاپخانەی ئارابخـا، چـاپی دووەم، كەركـوك، ٢٠٠٦.

٤- دیـوانی ئەسـیری، مسـتەفا عەسـكەری، كـۆكردنەوە و لەسـەر نوسـین،چاپی یەكەم،بەرگـی یەكەم، چاپخـانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٧.

٥- دیوانی ئەسیری، ئامادەكردن و پێشەكی د. كوردستان موكریانی، چاپی یەكەم،بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦- دیوانی حاجی قادری كۆیی، سەردار حەمید میـران، كەریـم مسـتەفا شـارەزا، بڵاوكـردنەوەی سـنە، شـارەكتێبی میدیا، ٢٧٠٧ك.

٧- - دیوانی حەمدی، جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، چاپخانەی سەركەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤.

٨- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی كوردی، ١٩٨٨.

٩- ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەكان، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، چـاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠- حجی جعفر، چەند ڤەكولین ل دۆر مەم و زینا خانی، چاپا یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩.

١١- عەبدوڵا خـدر مەولـود، لێكـۆڵینەوەیەك لە شـیعری حەمـدی، چاپخـانە بەڕێـوەبەرایەتی چاپخـانەی ڕۆشـنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٢- عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەنـد، فەیلەسـوف و سـۆفی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٣- كەریم شارەزا و جەبار جەباری، ئەسیری شاعیرێكی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری كۆییە، چاپخـانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٢.

١٤- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیرو ٢٠١٠.

١٥- مەم و زینی ئەحمەدی خانی، شرۆڤەكرن و ڤەكۆڵینا ئەمینێ ئوسمان، چاپا ئێكی، مطبعة الجاحظ, بغداد، ١٩٩٠.

١٦- د.محەمەد دلێر و د.فازیل مەجید، حاجی قادری كۆیی لەبازنەی ڕۆشنگەریدا، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمـارە٤، ساڵی ٢٠١٤.

١٧- د.محەمەد ئەحمەد سەعید ( كەساس جەباری)، شیكاری دەق، چاپخانەی تەژنە، ٢٠١٦.

١٨- محمد شفیق شي, في الادب الفلسفی, مؤسسة نوفل, بیروت, ١٩٨٠.